بانکی ناوەندی سزا بەسەر هەشت بانك دەسەپێنێت



بانکی ناوەندی عێراق ئەمڕۆ یەکشەممە بڕیاریدا بە فرۆشتنی دۆلار لەگەڵی پەنجەرەی کێبڕکێ و فرۆشتنی دراوی بیانیەوە بە هەشت بانکی عێراقی قەدەغە بکات.

بەگوێرەی نوسراوێکی فەرمی بانکی ناوەندی، لەمەودوا هەشت بانکی عێراقی بەشداریکردنیان لە پەنجەرەی کێبڕکێ و فرۆشتنی دراوی بیانی لێ قەدەغەکراوە، بەجۆرێك رێگەپێدراو نین لەپەنجەرەی کێبڕکێ و فرۆشتنی دراوی بیانی، دۆلار بەنرخی فەرمی وەربگرن.

ئەو هەشت بانکە بریتین لە بانکی وەبەرهێنانی عێراقی، بانکی ئیسلامی نوودەوڵەتی کوردستان، بانکی یەکێتی عێراق، بانکی هودا، بانکی وەبەرهێنانی نوودەوڵەتی ئاشور، بانکی ئیسلامی باشور بێ وەبەرهێنان و دارایی، بانکی ئیسلامی عەرەبی، بانکی بازرگانی حەمورابی".